مەندەلاوی داوا لەوەزارەتی دارایی دەکات گرێبەستەکانی 2020ی وەزارەتی پەروەردە بکرێنە هەمیشەیی



ئەمڕۆ چوارشەممە موحسین مەندەلاوی جێگری یەکەمی سەرکی پەرلەمان داوای لە وەزارەتی دارایی کرد گرێبەستەکانی وەزارەتی پەروەردە بە ساڵی 2020 کە سێ ساڵ خزمەتیان هەیە بکرێنە هەمیشەیی.

نووسینگەی ڕاگەیاندنی جێگری یەکەمی سەرکی پەرلەمان لە ڕاگەیندراوەکدا کەدستی موتەبع گەیشتووە، ڕایگەیاندووە، "موحسین مەندەلاوی جێگری یەکەمی سەرکی پەرلەمان پشوازی لە مستەفا عەبدولهادی نوێنەری ستافی پەروەردەیی لە بەغدای پایتەخت کرد".

مەندەلاوی بە فەرمی داوای لە وەزارەتی دارایی کرد "گرێبەستەکانی وەزارەتی پەروەردە لە بەغداد کە لە ساڵی ٢٠٢٠ گرێبەستیان لەگەڵ کراوە و سێ ساڵ خزمەتی گرێبەستیان بەپێی بڕیاری ٣١٥ تێواو کردووە دوای ئەوەی وەزارەتی پەروەردە بڕدەستبوونی تێرخانکردنی دارایی خۆیان لە چوارچێوەی بودجەی پێشوودا پشتڕاست کردەتەوە بکرێن بەهەمیشەیی".